# ڕێبەری پێنجەم – پاشکۆی ٣

## پاشکۆی ٣

## جەژنی سەری ساڵی زایینی (کریسمس): ڕۆژی پێداچوونەوەو خۆتەرخانکردن

**پێشەکی** : جەژنی سەری ساڵی زایینی هەلێکی نوێی زۆر باشە . پێکەوە فێر دەبین چۆن ئاهەنگ بگێڕین لە جەژنی سەری ساڵی زایینی دا. وە جەخت دەکەینەوە لەسەر گرنگی پشکنینەکانمان بۆ ناخمان ئەوەی تایبەتە بە ساڵی ڕابردوو ، وە گرنگی بڕیارەکانە دروستەکانمان ئەوەی تایبەتە بە ساڵی نویێ ، وە گرنگی ئەوەی خودا هەر سەرەتایەکی نوێی بۆ دیاری کردبین کە پێی هەستین.

لە زەبوری ٩٠: ١٠- ١٢ دەخوێنینەوە : ساڵانی تەمەنمان حەفتا ساڵە، ئەگەر بە هێزەوە بێت هەشتا ساڵ دەبێت . ئەوەی مایەی شانازیش بێت ڕەنج و ناخۆشییە ، چونکە بە پەلە دەڕەوێتەوەو باڵدەگرێت. کێ هێزی تووڕەیی تۆ دەزانێت ؟ ڕقت چ ترسێکی تێدایە ؟ ئیتر فێرمان بکە ڕۆژانمان بژمێرین ، بۆ ئەوەی دڵێکی پڕ داناییمان هەبێت " . لە ڕاستیدا هەموو سەری ساڵێکی نوێ خەڵکی یادیان دەکەوێتەوە لە هەموو شوێنێك کە ژیانیان لەسەر زەوی دیاریکراوە ، وەك چۆن ئەم ساڵە هەروەها کۆتایی دێت ، وە تا دێت ژیانیان بەرەو کۆتایی دەچێت بەم نزیکانە . بۆیە لەهەموو ئاهەنگێرانێکی سەری ساڵی نوێدا هەلێکە بۆ خەڵکی تاکو ساڵی ڕابردوویان هەڵسەنگێنن و بڕیارە گرنگەکانیان بدەن بۆ ساڵی داهاتوو. وە دەکرێ هەموو خێزانێك یان کۆمەڵێکی باوەڕدار کاتێك تایبەت بکەن لە ئێوارەی کۆتایی ساڵدا بۆ بیرکردنەوە لە هەندێ پرسیاری گرنگ . وە کتێبی پیرۆز ئەو کتێبەیە کە زانیاریت دەداتێ لەبارەی "سەرەتای" هەموو

شتە گرنگەکان . ئەو ڕایدەگەیەنێ کە خودا لەسەرەتاوە هەیە. وە ئەو زانیاریمان دەداتێ لەبارەی سەرەتای گەردونی بەدیهێنراو ، وە لەبارەی سەرەتای ئادەمیزادەوە ، وە لە بارەی سەرەتای ئامانجی خوداوە ، وە لەبارەی سەرەتای چالاکی و ئەرکی مرۆڤەوە لەسەر زەوی . هەروەها کتێبی پیرۆز "کۆتایی" هەموو شتەکانمان بۆ ئاشکرا دەکات ، یەو زانیارمان دەداتێ لەبارەی کۆتایی جیهانەوە بە هەموو حکومەتەکان و شوێنەکانیەوە کاتێ مەسیح دوبارە دێتەوە ، ئەو کات ، عیسای مەسیح حوکم دەدات بەسەر هەموو کەسێکدا لە جیهان لەسەر بنەمای پەیوەندی کەسێتی لەگەڵ خپیدا وە لەسەر بنەمای ئەوەی چی کردوە لەژیانیدا لەسەر زەوی . ئیدی بەم شێوەیە کتێبی پیرۆز وەك باوەڕداران یادمان دەخاتەوە کە خودا سەرەتاو کۆتاییە بۆ هەموو شتەکان . هەروەها ئەوەشمان بە بیر دەهێنێتەوە کە چەند گرنگە دەستپێکردنی ژیانمان لەگەڵ خودای زیندوو لە ساڵی نوێدا ، وە هەروەها گرنگی ئەوەی تاکۆتایی ژیانمان بە باشی لەگەڵ خودا بین . لەبەرئەوە جەژنی سەری ساڵی نوێ هەلێکی بەنرخە بۆ باوەڕداران بۆ هەڵسەنگاندنی ساڵی ڕابردوو وە ڕاستکردنەوەی هەڵەکانیان ئەوەی ئەنجامیان داوە لە ژیانیاندا . هەروەها جەژنی سەری ساڵی نوێی زایینی هەلێکی بەنرخە بۆ بەجێ گەیاندنی بڕیارە نوێیەکان بە پەیوەست بوونی نوێیان و ژیانیان ڕادەستی خودای زیندوو بکەن .

## (أ) جەژنی سەری ساڵی نوێی زایینی (کریسمس) وەك هەلێك بۆ پشکنینی ناخ

**پێشەکی** : جەژنی سەری ساڵی نوێی زایینی هەلێکی نوێیە بۆ ئەوەی هەندێ پرسیاری گرنگ لە خۆت بکەیت بۆ یارمەتیدانت لە هەڵسەنگاندنی ساڵی ڕابردوو .

### <u>١- پرسیاری یەکەم لە جەژنی سەری ساڵی نوێی زایینی دا: "ئایا من باوەڕدارم؟"</u>

یۆحەنا ٣: ١٦- ١٨ ، ٣٦؛ ٥: ٢٤؛ ١یۆحەنا ٣: ٩- ١٠ ؛ ٢کۆرنسۆس ١٣: ٥ **بخوێنەوە** .

**ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە** : پرسیاری یەکەم وگرنگ کامەیە دەبێت هەر کەسێك لە خۆی بکات ؟

**تێبینیەکان :**

گرنگترین پرسیار کە دەکرێ لەخۆتی بکەیت پێش ئەوەی بچیتە ساڵی نوێوە ڕزگاریتە : " ئایا من ڕزگارم بوە یان نا ؟" ٢ کۆرنسۆس ١٣: ٥ دەخوێنینەوە : " خۆتان ئەزموون بکەن ئاخۆ لەباوەڕدان . لەخۆتان بکۆڵنەوە . ئایا نازانن کە عیسای مەسیح لە ئێوەدایە ؟ تەنها ئەگەر لەئەزموون کەوتووبن " چونکە زۆرێك لە خەڵکی دەچنە ساڵی نوێوە بە بێ عیسای مەسیح ؛ واتە بەبێ خودای زیندوو . وە هەر یەکێك باوەڕ بە عیسای مەسیح نەهێنێ چارەنوسی لەناوچوونە چونکە گوناهەکانی بەر لێخۆش بوون ناکەوێت ، وە تووڕەیی خودای لەسەر دەمێنێت ، وە ئازاری تاهەتایی دەچێژێ . هەر یەکێك بەردەوام بێت لەگوناهەو براکەی خۆی خۆش نەوێ کوڕی شەیتانە . بەڵام ئەگەر کەسێك هاتەوە بۆلای خوداو ۆیسای مەسیحی پەسەند کرد وەك خوداوەندو ڕزگارکار بۆ ژیانی ، حوکم نادرێ و لەناوناچێت ، بەڵکو ژیانی تاهەتایی دەبێت ! ئەو بەردەوام نەبوە لە گوناهە چونکە کوڕی خودایە . لەبەرئەوە ، کاری چاکە دەکات و براکەی خۆش دەوێ و دەزانێ کە کوڕی خودایە . بۆیە دەبێت هەر کەسێك خۆی بپشکنێت .

بیربکەوە : ئەگەر تا ئێستا عیسای مەسیحت پەسەند نەکردوە بۆ دڵ وژیانت هەر ئێستا ئەمە بکە . ئەم نوێژە بەرز بکەوە : " باوکی ئاسمانی ، دان دەنێم بەوەی من مرۆڤێکی گوناهبارم وە چارەنوسم لەناوچوونە . وە من باوەڕ دەهێنم کە عیسای مەسیح مرد لەسەر خاچ تاکو کرێی گوناهەکانم بدات . وە باوەڕ دەهێنم کە هەستایەوە لە نێو مردوان و ئەو ئێستا پاشای پاشاکانە . وە من ئێستا داوات لێ دەکەم عیسای مەسیح کە نیشتەجێ بیت لە دڵ وژیانمدا ، وە لە گوناهەکانم خۆش بیت ، وە ژیانێکی نوێم بدەرێ . هەروەها دەمەوێ مامۆستای ژیانم بیت و لە تووە فێر بم ، وە شوێنکەوتەی تۆ بم خوداوەندم . سوپاست دەکەم چونکە گوێت لە نوێژەکەم گرت و وەڵامت دامەوە . بەناوی عیسای مەسیح ئامین".

**٢- پرسیاری دوەم لە جەژنی سەری ساڵی نوێی زایینی دا: "چۆن ژیام ساڵی ڕابردوو ؟ "**

زەبور ١٣٩: ١- ٧ ، ٣- ٢٤ ؛ یۆحەنا ٨: ٣٢ **بخوێنەوە** .

**ئاشكرای بكەو گفتوگۆی لەبارەوە بكە** : پرسیاری دوەم و گرنگ كامەیە دەبێت هەر كەسێك لەخۆی بكات ؟

تێبینیەكان: پرسیاری دوەم ئەوەیە دەبێت هەر كەسێك لەخۆی بكات كە : " چۆن ژیام ساڵی ڕابردوو ؟" زەبوری ١٣٩ نوێژە بۆ پشكنینی ناخ . داود دەیزانی كە پڕو تەواو نیەو بێ گوناهە نیە . ئەو هەمیشە دەیزانی كە هەڵسوكەوتەكانی جێی ڕەزامەندی و مایەی دڵخۆشی خودا نین . لەبەرئەوە داوا دەكات لە خودا گوناهەكانی بۆ ئاشكرا بكات و بەم جۆرە نوێژ دەكات : " ئەی خوداوەند تۆ منت تاقیكردەوەو ناسیمت . هەڵسان و دانیشتنی منت زانیووە ، لە دوورەوە لە بیرەكانم گەیشتووی . ڕێڕەو و جێی ڕاكشانی منت پێواوە ، شارەزای هەموو ڕێگاكانمی . چونكە ئەوی خوداوەند ، هیچ وشەیەك نییە لەسەر زامنم كە تۆ نەیزانی . لە پێش ولە پشتەوە دەورت داوم ، دەست دەخەیتە سەرم . ئەم زانینەی تۆم بەلاوە زۆر سەیرە، لەسەرووی منەوەیەو دەستم پێی ناگات . بۆ كوێ بڕۆم لە ڕۆحی تۆ ؟ بۆ كوێ هەڵبێم لە ڕوخسارت ؟ گەر سەركەوم بۆ ئاسمان ، تۆ لەوێیت ، گەر ڕاكشێم لە ناو دونیای مردووان ، ئەوەتای لەوێ . گەر دەست بە باڵی بەرەبەیانەوە بگرم ، گەر لەوپەڕی دەریا نیشتەجێ بم ، لەوێش دەستی تۆ ڕێنماییم دەكات ، دەستە ڕاستەت بە خۆیەوە دەمگرێت . وتم ( بێگومان تاریكی دامدەپۆشێت و شەویش دەبێت بە ڕوناكی دەورم.) دیسان تاریكی لای تۆ تاریكدانایێت ، شەو وەك ڕۆژ ڕوناكی دەبەخشێت ، تاریكیش وەك ڕوناكی وایە . چونكە تۆ دڵی منت دروست كردوە ، لەناو سكی دایكم منت چنیوە ، ستایشت دەكەم ، چونكە بە ترسەوە سەرم سوڕماوە كارەكانت سەرسوڕ هێنەرن ، لەناخمەوە ئەمە باش دەزانم . ئێسقانم لە تۆ شاراوە نەبوو ، كاتێك لە پەنهانی دروست كرام ، لەناو سكی زەوی نەخشێنرام ، هێشتا لە سكی دایكم بووم ، ئەندامەكانی لەشمت بینی . لە پەرتوكی تۆدا هەمویان نوسراون ، ئەو ڕۆژانەی شێوەیان كێشرا ، پیش

ئەوەی هیچ کامێکیان هەبێ ، بەلای منەوە چەند گران بەهایە بیرەکانت خودایە ، کۆی ژمارەیان جەند مەزنە ! گەر بیانژمێرم لە خۆڵ زیاترن . کە بە ئاگادێم هێشتا لەگەڵ تۆدام . خۆزگە بەدکارەکان بکوژی خودایە ، خوێنرێژەکانم لێ دووركەیتەوە . ئەوانەی بە خراپە باست دەکەن ، شکاتکەران بەبێ هۆ لیت هەستاون ! ئەی خوداوەند ئایا ڕقم لەوانە نەبێت کە ڕقیان لە تۆیە ؟ ئایا قێزم لەوانە نەبێتەوە کە دژی تۆ دەوەستن ؟ بە تەواوی ڕقم لێیانە ، بوون بە دوژمنم . خودایە بمپشکنەو بزانە دلم چی تیایە ! تاقیم بکەوەو بزانە خولیای چیم ، سەیرکە داخۆ هیچ ڕێگایەکی خراپەم تیادایە ، ڕێنمایم بکە لە ڕێگای تاهەتایی ".

بیر بکەوە : ناکرێ پزیشکەکان هاوکاری نەخۆشەکانیان بکەن ئەگەر نەخۆشەکانیان دان نەنێن بەوەدا کە نەخۆشن . بەڵام ئەگەر نەخۆشێك ڕەتی بکاتەوە ڕووبەڕوی نەخۆشیەکەی ببێتەوە ئیدی دان بەوەدا نانێت کە پێویستی بە پزیشکە . بەڵام کاتێ ڕووبەڕوی ڕاستی ژیانی خۆی دەبێتەوەو دان دەنێت بە نەخۆشیەکەی و پێویستیەکەیدا بۆ یارمەتیدانی ، دەکرێ پزیشکەکان بچنە ناوەوە بۆ یارمەتیدانی . بەهەمان شێوە عیسا فەرموی: " لەشساغ پێویستی بە پزیشك نییە ، بەڵکو نەخۆش ! نەهاتووم ڕاستودروستان بانگ بکەم ، بەڵکو گوناهباران بۆ تۆبە کردن " (لۆقا ٥: ٣١- ٣٢). بەم شێوەیە هەرکەسێك ڕووبەڕوی ئەو ڕاستیە بێتەوە کە گوناهبارەو دان بنێت پیایدا بۆ عیسا ، هاوکاری دەکرێ و چاك دەبێتەوە لەلای باشترین پزیشك لە جیهاندا! وە هەر کەسێك باوەڕی بەمە هەبێت ناترسێ لە پشکنین تەنانەت بۆ قوڵایی ناخی ، پێویست ناکات بترسی لە ڕووبەڕوبونەوەی ئەو ڕاستیەو مەهێڵە ڕابردووت کاریگەری بخاتە سەرت، چونکە ئەمە باشترین ڕێگەیە بۆ چاکبوونەوە !

لەبەرئەوە ، پرسیارێکی زۆر گرنگ لە خۆتی بکەیت پێش ئەوەی بچیتە ناو ساڵی نوێوە ئەوەیە ئایا گوناهەیەك لە ژیانتدا بوونی هەیە : " هیچ گوناهەیەکی دیاریکراو لە ژیانمدا هەیە دانم پێدا نەنابێت لای عیسای مەسیح " یان " ئایا حەزێکی نهێنیم هەیە دڵی خودا خۆش نەکات ؟" یان " ئایا گوناهەیەکی نهێنی هەیە بووبم بە بەندەی ؟" بیر لە ساڵی ڕابردووت

بکەوە لە هەڵسوکەوتەکانت ، وشەکانت ، حەزەکانت ، هەڵوێستەکانت ، بڕیارەکانت ، بژاردەکانت ئەوەی لە ساڵی ڕابردوو پێشکەشت کردوون . ئەگەر زانیت (یان هەستت کرد) ژیانت بەو شێوەیە نەبوو یان نازانی کامەیە هەڵەکانت ، بە زەبوری ١٣٩ نوێژ بکە بۆ پشکنینی ناخت. ئەو نوێژە بەکاربهێنە و هیوات بە خودا هەبێت و داوای لێ بکە حەزەکانت ، ئارەزوە نهێنیەکانت بپشکنێت ، وە هەستەکانت تاقیبکاتەوە ، وە ترس و هەڵسوکەوتە دوژمنکارابەکانت ئاشکرا بکات بۆت ، وە کاتی هەستانت بەمە ، بیرت بێت خودا پێش وەخت هەموو شتێك دەزانێ و دەزانێ چۆن بیر دەکەیتەوە و دڵت چی تێدایە و ژیانت چۆنە ، بەڵام دەیەوێ داوای یەو شتانەی لێ بکەیت . ئەو دەیەوێ دان بنێیت بەو شتانەدا چونکە ئەگەر دانی پیدا بنێی ئازادت دەکات ! عیسا لە ئینجیلی یۆحەنا ٨: ٣٢ بەڵێنی داو فەرموی : " ڕاستی دەناسن ڕاستیش ئازادتان دەکات ". ئەگەر چی ئەو ڕاستیەش پەیوەندی هەبێت بە لایەنی تاریکیەکانی ژیانتەوە و سروشتتەوە ، خودا تواناداره لە ئازاد کردنت لێیان !

**<u>٣- پرسیاری سێ یەم لە جەژنی سەری ساڵی زایینی دا: " ئەو پێشکەوتنە کامەیە تۆمارم کردوە لە ساڵی ڕابردوو ؟ "</u>**

کۆلۆسی ٢: ٦- ٧ ؛ ١ تیمۆساوس ٤: ١٥- ١٦ **بخوێنەوە** .

**ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە** : پرسیاری سێ یەمی گرنگ کامەیە کە دەبێت هەر کەسێك لەخۆی بکات ؟

**تێبینیەکان :**

پرسیاری سێ یەم و گرنگ ، ئەوەی هەر کەسێك دەبێت لە خۆی بکات ئەمەیە: " چی پێشکەوتنێکم بەدەستهێنا ساڵی ڕابردوو ؟" خەڵکی بونەوەرێکی زیندوون ، وە بونەوەری زیندووش پێش دەکەوێ و دەگەڕێتەوە . خەڵکی پێیان وایە دەتوانن ماوەیەك لە شوێنی خۆیان مامەڵە بکەن لەگەڵ کێشەیەکیاندا . بەڵام مامەڵە کردن لەگەڵ هەر کێشەیەکدا خۆی کەخۆیدا پێشکەوتنە ! تەنها بەردەکان لە شوێنی خۆیان دەمێننەوە وەکو خۆیان بۆ ماوەیەکی دورودرێژ . بۆیە پۆڵس ، تیمۆساوسی قوتابی

هاندەدات لەسەر پێشکەوتن و پێی وت : " لە ئەمانە چربەوەو هەموو توانای خۆتی تێدا بەکار بهێنە تاکو پێشکەوتنت بۆ هەموان دەربکەوێت . ئاگاداری خۆت و فێرکردنت بە ، لەسەری بەردەوام بە چونکە ئەگەر ئەمەت کرد خۆت و گوێگرانیشت ڕزگار دەکەیت " .

بیر بکەوە : یەکێك لەو پرسیارانەی دەبێت بیکەیت لە خۆت ئەوەیە پێش ئەوەی دەست بکەیت بە ساڵی نوێ و پێبشکەویت ئایا ساڵی ڕابردوو چی پێشکەوتنێکم هەبوو : " تا چەند ژیانێك ژیایت خودا شکۆدار بکات ( ڕۆما ١١: ٣٦) ؟ " وە جێگیریی و چەسپاویم لە مەسیحدا چۆن بوو (یۆحەنا ١٥: ٥)؟" وە " گەشەو گەڕانەوەم چۆن بوو وەك باوەڕدار ( ١ تیمۆساوس ٤: ١٥) ؟" وە تا چەند سەرکەوتوو بووم لە دەربڕینی خۆشەویستیم بۆ هاوسەرو منالەکانم (ئەفەسۆس ٥: ٢٥) ؟" وە " ئایا شەش ڕۆژ کارم کرد لە هەفتەیەکدا بۆ دابین کردنی بژێویم ؟" وە " چۆن بەشداریم کرد لە کاری خودا بۆ فراوانبوونی شانشینی خودا ( مەتا ٦: ٣٣)؟" وە خودا دەیەوێ چی بگۆڕم یان باشتری بکەم لە ساڵی داهاتوودا؟" هەندێ کات دیاری بکە بۆ بیرکردنەوە لە گۆڕانکاری و پێویستیانە . لەو پرسیارەدا بیر بکەوە لەگەڵ خودا لە ڕێگەی خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز و نوێژ .

### (ب) جەژنی سەری ساڵی نوێی زایینی وەك هەلێك بۆ خۆ تەرخانکردن

**پێشەکی** : هەموو جەژنێکی سەری ساڵی نوێ هەلێکی زێڕینە بۆ بڕیارە گرنگەکان لە ژیانتدا . ئەمانەی خوارەوە گرنگترین بڕیار و بژاردەن کە دەبێت پێی هەستی : " ئەو ڕێچکەیە کامەیە لە ساڵی نوێدا پیایدا دەڕۆم؟" وە " متمانە بە کێ بکەم" وە " چی بکەم لە کاتم ، بەهرەکانم ، دەرفەتەکانی بەردەمم ، پارەم ، وە ئەوانی دیکە ؟" وە ئامانج و یەکەمینەکانی ژیانم چی یە؟" ئێستا وەرە پێکەوە بڕوانینە چەند بڕیارو بژاردەیەك هەندێ کەس لە کتێبی پیرۆزدا جێبەجێیان کرد. دوای ئەوە تۆش بڕیاری گونجاو بدە !

**١- بڕیاری یەکەم لە جەژنی سەری ساڵی نوێی زایینی دا: " پرسیاری ڕێگا چاکەکەت لێ دەکەم " .**

یەرمیا ٦: ١٦ **بخوێنەوە** : " لەسەر ڕێگاکان بوەستن و ببینن ، پرسیاری ڕێچکە کۆنەکان بکەن ، لە کوێیە ڕێگا چاکەکە و پێیدا بڕۆن وئاسودەیی بۆ دەرونتان بدۆزنەوە " .

**بیربکەوەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە** : کامەیە ئەو ڕێگایەی پیایدا دەڕۆی ؟ وە بەکام ڕێگایەدا دەڕۆی لە ساڵی نوێدا؟

**تێبینەکان :**

یەکێك لە بژاردە گرنگەکان دەبێت بیگریتەخۆ پێش دەستپێکردنی ساڵی نویٚ ئەویش تایبەتە بە ئەو ڕێگایەی پیایدا دەڕۆیت لە ژیانتدا . کاتێ ئاهەنگ دەگێڕیت لە جەژنی سەری ساڵی نویٚ ، بەمە تۆ لە دووڕیانێك دەوەستیت . دەبێت دیاری بکەیت بەلای ڕاستدا دەڕۆیت یان چەپ ، یان ئایا بۆ پێشەوە دەڕۆیت یان دەگەڕێیتەوە بۆ دواوە ، وە دەبێت بڕیار بدەیت لەگەڵ خودا ڕیٚ دەکەیت و شوێنی دەکەویت (ئەوەش ڕێگا چاکەکەیە) ، یان لێی دوور دەکەویتەوەو ڕێگایەکی دیکە دەگریتە بەر ( بزانە کە هەموو ئەو ڕێگایانەی دوورت دەخەنەوە لە خودا ڕێگای گوناهەن ). وە کاتێ یەرمیای پێغەمبەر دەدوێ لەبارەی " ڕێچکە کۆنەکە" مەبەستی ئەوەیە کە " ڕێگایەکی ڕاست و چاکە" . وە ڕێچکەی کۆن و چاك ئاماژەیە بۆ ئەو ڕێگایەی کە خودا لە کتێبی پیرۆزدا ڕایگەیاند لە کۆنەوە ؛ واتە لە کاتی بەدیهێنانەوە ، بۆیە ، نوێژ بکەو داوا لە خودا بکە ڕێگا جاك و ڕاستەکەت پیشان بدات .

بێگومان ، هەروەها خۆت لە دوڕیانی دیکەدا دەبینیتەوە لە ژیاندا !

**٢- بڕیاری دوەم لە جەژنی سەری ساڵی زایینی دا: " متمانە بە کەسە ڕاستەکە دەکەم " .**

**بیربکەوەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە** : ئەو کەسە کێ یە متمانەی پیٚ دەکەیت لەئەم ساڵدا ؟

**تێبینیەکان :**

یەکێك لە بڕیارە گرنگەکان کە بیدەیت ئەوەیە پێش دەستپێکی ساڵی نوێ ئەو کەسە کێ یە متمانەی پێ دەکەیت لە ساڵی داهاتوو .

**(أ)** یەرمیا ١٧: ٥- ١٠ **بخوێنەوە** .

بژاردەکە ئەوەیە لە نێوان متمانە بە مرۆڤ و شتە تایبەتمەندەکانی مرۆڤ ، یان متمانە بە خوداو وشەکانی . هەر کەسێك متمانە بە مرۆڤ بکات ئیدی ( پیاوانی سیاسەت بن ، یان ئابوری ، یان سەرکردە سەربازیەکان ، یان ڕابەرە ڕۆحیەکان ) وەکو ئەو دارە وشکەیە لە چۆڵەوانی . بەڵام ئەوانەی پشت بە خوداوەند دەبەستن وەکو ئەو دارە دەبن کە لەبەردەم جۆگەی ئاو ڕوابێت گەش و پاراو، وە خودا هۆشداریمان دەداتێ لە مەترسیەکانی پشت بەستن بە خەڵکانی دیکە جگە لە خودا .

**(ب)** پەندەکان ٢٣: ٤- ٥ ؛ مەتا ٦: ٢٥- ٣٤ **بخوێنەوە** .

ئەوانەی پشت بە شتی ماددی دەبەستن ( وەکو پارەو موڵک و سامان) بۆیان ئاشکرا دەبێت کە هەموو هەوڵ وکۆششیان بۆ سامان مایەکەی ماندووبون و پڕوکانە. وە ئەو سامانەی کۆیان کردۆتەوە لەناکاو دەفەوتێ و نامێنێ . بەڵام ئەوانەی پشت بە خوداوەند دەبەستن هەموو کاتەکانی خۆیان تەرخان ناکەن بۆ شتی ماددی ، بەڵکو لەپێشدا داوای شانشینی خودا دەکەن و ئەو شتانەی دڵی خودا خۆش دەکات .

**(ج)** زەبوری ٢٠: ٤- ٨ **بخوێنەوە** .

ئەوانەی پشت بە هێزی سەربازی (وەك ئەسپ و گالیسکەی جەنگی و چەکە نوێیەکان ) دەبەستن ڕۆژێك دێت بۆیان ئاشکرا دەبێت کە " چەمانەوەو کەوتن" . بەڵام ئەوانەی پشت بە خوداوەند دەبەستن ڕزگاریان دەبێت و نوێژەکانیان وەڵام دەدرێتەوەو هێزو هەستانەوەو وەستان و چەسپاویان پێ دەبەخشرێت .

**(د)** هۆشەع ٤: ٦؛ ١ کۆرنسۆس ١: ١٨- ٢٥ **بخوێنەوە** .

ئەوانەی پشت بە زانیاری مرۆڤانە دەبەستن و بەس ( وەکو زانستەکان و فەلسەفە) لە ژیانیاندا ڕۆژێک دیت بۆیان ئاشکرا دەبێت کە گێلن لەبەرچاوی خودا ، بەڵام ئەوانەی پشت بە خوداوەند و وشەکانی دەبەستن دەبنە دانا ! هەروەها خودا ڕەتیان ناکاتەوەو لەناویان نابات ، بەڵکو ڕزگاریان دەکات.

**(هـ)** زەبوری ٢٣: ١- ٦ **بخوێنەوە** .

ئەوانەی پشت بە خوداوەند دەبەستن وەکو شوانی خۆیان ، دەبینن کە خودا لە ڕێگەی ڕاستدا بەڕێوەیان دەبات ، وە کاتێ بە دۆڵی سێبەری مەرگیشدا بڕۆن لەگەڵیانە و لە بەردەم دوژمنەکانیان بێتاوانیان دەکات و ڕاستودروستیان دەکات .

**<u>٣- بڕیاری سێ یەم لە جەژنی سەری ساڵی زایینی دا : " هەوڵ دەدەم پێشبکەوم لە ژیانمدا " .</u>**

**بیربکەوەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە** : ئەو لایەنانە کامەن خودا دەیەوێ گەشەی تێدا بکەی لە ئەمساڵدا ؟

**تێبینیەکان :**

یەکێك لە بڕیارە گرنگەکان دەبێت بیدەیت پیش سەری ساڵی نوێ تایبەتە بە لایەنی گەشە کردن لە ژیانتدا . زۆرێك لە خەڵکی لە ساڵانی خوێندیاندا پێش دەکەون ، بەڵام دواتر دەگەڕێنەوە بۆدواوە زیاتر لە پێشکەوتنەکەی پێشوویان . بۆیە خوداوەند عیساو پۆڵسی نێردراو باوەڕداران هان دەدەن بۆ پێشکەوتن بە درێژایی ژیانیان .

مەتا ٢٥: ١٤- ٣٠ **بخوێنەوە** .

خودا بۆ هەر کەسێك بەهرەیەك یان زیاتری پێ بەخشیوە ، بەهرەش بە واتا وشەداریەکەی " تالنتێك" لە پارەوسامانی زۆر. دەبوو کرێکاری ئاسایی لە سەردەمی عیسادا بە باشی کاری بکردایە بیست ساڵی ڕەبەق بۆئەوەی یەك " تالنت" بەدەست بهێنێت ! مەبەست لەئەم نمونەیەش ئەوەیە دەبێت هەر کەسێك دەستپاك بێت لە بەکارهێنانی ئەو دەرفەتانەی خودا

بۆی دەرەخسێنێت . هەروەها دەبێت هەر کەسێك بەهرەو هەل و دەرفەتەکان بەکار بهێنێ بۆ شکۆدارکردنی خودا ، وە بەشداری بکات لە فراوانکردنی شانشینی خودا ، وە چاکە بکات لەگەڵ خەڵکی دیکە (مەتا ٢٥: ٤٠). وە خودا کەمتەرخەمەکان سزا دەدات ، بەڵام پاداشتی ئەوانە دەداتەوە کە هەوڵ وکۆششیان کردوە ، لەگەڵ ئەوەی هەر کەسێك هەلێکی جیاوازی دەست دەکەوێت لە ژیاندا ، بەلام هەموان دەبێت پێشبکەوین و دیاریەکانی خودا بەکار بهێنین بە شێوازێکی ڕاست .

**(ب)** ئەفەسۆس ٥: ١٥- ١٧ **بخوێنەوە** .

داناکان بە ڕێگای خودا دەڕۆن و لە خواستەکانی خودا دەگەن . ئەوان هەوڵ دەدەن بۆ ئامانجێکی زۆر گرنگ وە باشترین شیواز بەکار دەهێنن بۆ هاتنەدی ئەمە . ئەوان تواناو ئەو هەلانەی بۆیان ڕەخساوە بەکاری دەهێنن بە باشترین شێوە ، ئیدی بەم شێوەیە ، ئەگەر مرۆڤ بیەوێ پێشبکەوێ دەبێت دانا بێت .

**(ج)** فیلیپی ٣: ٧- ١٦ **بخوێنەوە** .

پۆڵس پێناسەی ئامانجی کەسێتی خۆی دەکات بۆ هاندانی باوەڕدارانی فیلیپی تاکو ئەوانیش چاوی لێ بکەن . ئامانجی ئەو ئەوە بوو مەسیح بناسێ ، وە مەسیح بباتەوە ، وە هاوشێوەی مەسیح بێت . ئەو هەوڵی دەدا بۆ پڕی و تەواوەتی ڕەوشت بەرزی و ئایینی ، وە ئەو باوەڕی بە هەڵبژاردە هەبوو ، ئەوەی پێش دامەزراندنی جیهانە ( ئەفەسۆس ١: ٤) وە دڵنیایی لە ڕزگاریی ( ٢ تیمۆساوس ٢: ١٩) . بەڵام باوەڕی بەهەڵبژاردەی خودایی لە گۆشەگیری بەرپرسیارێتی مرۆڤ بۆ خودی خۆی نەبوو ، یان بە ڕزگاری خودا بۆ مرۆڤ بێ ئەوەی مرۆڤ وەڵامی هەبێت ، یان بە دڵنیایی ڕزگاریی خودایی بەبێ پشت بەستن ی بەردەوامی باوەڕدار بەڵێنەکانی خودا ! لەگەڵ ئەوەی باوەڕداران ناتوانن تەواو پیرۆز بن بە پڕی و تەواوەتی بە هۆی بونیان لەئەم جیهاندا بەڵام دەبێت لە هەوڵدا بن بۆ پێشکەوتن .

**(د)** ١ تیمۆساوس ٤: ١١- ١٦ **بخوێنەوە** .

پۆڵس تیمۆساوسی قوتابی هاندەدات لەسەر تێکۆشان تاکو ببێتە پێشڕەو لە وشەکانی و لە ژیانی و لە خۆشەویست و لە باوەڕی و لە بێگەردی وپاکی . هەروەها هانی دەدا بۆ خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز . وە فێرکردن و ئامۆژگاری و وتار ، وە ڕایدەسپارد کە چاودێری و ئاگاداری ژیانی و بیروباوەڕەکەی بکات لە درۆ. ئەگەر لەم شتانەدا چەسپا ئەوا پێشکەوتنەکەی ڕوونە لای هەموان .

## (ج) جەژنی سەری ساڵی نوێی زایینی وەك هەلێك بۆ داواكردنی بەڵینەكانی خودا

**پێشەکی** : خودا بە دەسەڵاتە ڕەهاکەی خۆی ئازادی دیاریکراوی وەك بژاردە بۆ بڕیاردان پێ بەخشیوین . وە خودا بەرپرسیارمان دەکات لەبەرامبەر ئەم هەڵبژاردانەو بڕیارانە ، بۆ نمونە ، بەرپرسیارمان دەکات لەوەی فێرکردنەکانی پەسەند دەکەین یان ڕەتی دەکەینەوە . وە هەروەها بەهەمان شێوە بۆ گوێڕایەڵی ڕاسپاردەکانی یان یاخی بوون .

بەڵام خودا لە هەندێ لایەنی دیکەی ژیانماندا ئازادییمان ناداتێ. بۆ نمونە ، ناتوانین کات و شوێنی لەدایکبوونمان هەڵبژێرین ، هەروەها بارودۆخەکانمان هەندێ جار ! بەڵام خودا ئازادی پێ بەخشیوین بۆ هەڵبژاردنی هەڵوێستمان و پەرچەکردارمان لەبەرامبەر ئەم بارودۆخەدا !

بێگومان جەژنی سەری ساڵ هەلێکی زێڕینە بۆ خۆتەرخان کردنمان بۆ خوداو ڕادەستکردنی خۆمان بۆ خواستەکانی خودا . چونکە خودا دەیەوێ ژیانمان ڕادەستی ئەو بکەین بە هەموو دڵمانەوە وە بۆ خواستی ڕاگەیەنراوی لەنێو کتێبی پیرۆزدا ؛ واتە هەڵدەبژێرین کە باوەڕمان بە فێرکردنەکانی هەبێت و گوێڕایەڵی ڕاسپاردەکانی بین . هەروەها ئەو دەیەوێ هەموو کاروبارەکانی ژیانمان ڕادەستی خۆی بکەی و پشتی پێ ببەستین تەنانەت لە ئەو بارودخانەشدا کە خۆی ڕێگەی پێداوە بۆ ژیانمان . لەبەرئەوە دەبێت خودا بخەینە پێش و سەرەتای هەموو ئەوانەی دەیکەین لە ساڵی داهاتوودا .

**١- بەڵێنی یەکەم لە جەژنی سەری ساڵی زایینی دا : " پشت بەستنم بە ئامادەگی خودا لە ژیانمدا " .**

**ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە** : کتێبی پیرۆز چی بەڵێنێك دەدات تایبەت بە ئامادەگی خودا ؟

**تێبینیەکان** : یەکێك لە بەڵێنە گرنگەکان کە دەبێت هەر باوەڕدارێك بیدات پێش دەستپێکی ساڵی نوێ ، پشت بەستنە بە ئامادەگی خودا لە ژیانیدا ، تەنانەت لە کاتە نارەحەتی و ناخۆشیەکانیشدا .

**(أ)** وتەکان ١: ٢٩- ٣٣ **بخوێنەوە** .

خودا بۆخۆی لە پێش گەلەکەیەوە دەڕوات و لە بری ئەوان دەجەنگێت ، کاتێ پێ دەخەینە ساڵی نوێوە دەبێت باوەڕمان بە خودا هەبێت کە پێشمان دەخات ، وە لەگەڵمانە ، وە لەبری ئێمە دەجەنگێ بۆمان ! لە ڕاستیدا خودا بەربەستەکان لانابات لەسەر ڕێگەمان ، بەڵکو هەڵمان دەگرێت لەئەو بەربەستانە ! وەك چۆن باوك کوڕی خۆی هەڵدەگرێت بە درێژایی ڕێگا سەختەکان ، خودا زۆر زیاتر هەڵمان دەگرێت لە بارودۆخە سەختەکان تاکو بمان پەڕێنێتەوە بۆ کەناری ئارامی !

**(ب)** ٢ پاشایان ٦: ١٥- ١٧ **بخوێنەوە** .

سوپای دوژمن چواردەوری ئەلیشەع وشارەکەی گرتبوو بە ئامانجی دەستگیرکردنی و کوشتنی ، خزمەتکارەکەی ئەلیشەع زۆر دەترسا . بەڵام خودا چاوی ڕۆحیی کردەوەو بینی چیاکە پڕە لە ئەسپ و گالیسکەی ئاگرین لە چوار دەوری شارەکەو ئەلیشەع بۆ پاراستنیان . هەندێ جار خودا ڕێگە دەدات بە بارودۆخێکی سەختدا بڕۆین . لەگەڵ ئەوەشدا کە دەبینین چەند لە مەترسیداین و دومژن لێرەو لەوێ هەیەو چوار دەوری گرتووین ، بەڵام خوداو فریشتەکانی بە هەموو واتایەك ئامادەن ! زەبوری ٣٤: ٧ دەخوێنینەوە : " فریشتەی خوداوەند چوار دەوری ئەو کەسانە دەگرێت کە ترسی ئەویان لە دڵدایە ، دەربازیان دەکات " هەروەها خودا بەڵێن دەدات لە ئیشایا ٤١: ١٠ " مەترسە چونکە لەگەڵتدام ، مەپەشۆکێ ،

چونکە من خودای تۆم بەهێزت دەکەم و یارمەتیت دەدەم سەرت دەخەم بە دەستە ڕاستی دادپەروەریم " هەروەها لە ئیشایا ٤٣: ٢ دەفەرموێ : " کە بەناو ئاودا بپەڕیتەوە ، من لەگەڵتدام بەناو ڕوبارەکانیش ، نقوومت ناکەن. بەناو ئاگردا بڕۆیت داغ نابیت، بڵێسەش ناتسووتێنێت " .

**<u>٢- بەڵێنی دوەم لە جەژنی سەری ساڵی زایینی : " پشت بە نیعمەتی خودا دەبەستم لە ژیانمدا " .</u>**

**ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە** : کتێبی پیرۆز چی بەڵێنێك دەدات تایبەت بە نیعمەتی خودا ؟

**تێبینیەکان** :

یەکێك لە بەڵێنە گرنگەکان کە دەبێت هەموو باوەڕدارێك بیدات پێش دەستپێکی ساڵی نوێ ئەوەیە پشت بە بیعمەتی خودا ببەستێت لە ژیانیدا .

بینین ٣: ٧- ٨ **بخوێنەوە** .

بە نیعمەتی خودا نەبێت ئەو دەرگای هەلانەی داخراون لەبەردەم باوەڕدار ناکرێنەوە . خودا هەلمان دادتێ بۆ خوێندن ، یان کار یان گەڕان بە دوای هاوسەری ژیاندا ، یان شتی دیکە ، ئەو هەلمان بۆ دەڕەخسێنێ تاکو سەبارەت بە عیسای مەسیح و خزمەتەکەی و سانشینیکەی لەگەڵ خەڵکیدا بدوێین ، وە کاتێ هەندێ کەس هەوڵ دەدەن دەرگاکانمان لەسەر دابخەن ئەوا عیسای مەسیح دەفەرموێ : " ئەوەی دەیکاتەوەو کەس دایناخات ، دایدەخات و کەس نایکاتەوە " . هەرچەندە سەرکردە سیاسیەکان و سەربازیەکان و ئاینیەکان هەندێ دەرگا دادخەن لە ژیانماندا ، بەڵام خودا ڕێگەی داوە ! چونکە کلیلی دەرگاکان لای ئەوان نییە ، بەڵکو لای عیسای مەسیحە ئەو ڕێگە دەدات بە داخستنی هەروەها ئەویش ڕێگە دەدات بە کردنەوەی ، کاتێك ئەوانە دەرگایەك دادەخەن ئەوا عیسای مەسیح ڕێگەی پێدوان یان دەرگایەك دەکەنەوە ئەوە ئەوان نین بەڵکو عیسای مەسیحە دەیکاتەوە بە دەسەلات و سەروەری خۆی ؛ بۆیە دەبێت باوەڕدار پشت بە

نیعمەتی خودا ببەستن بۆ کردنەوەی دەرگای هەلەکانی داهاتوو لە ساڵی نوێدا!

**(ب)** پەندەکان ٢٧: ١؛ یاقوب ٤: ١٣- ١٧ **بخوێنەوە** .

کتێبی پیرۆز هۆشداریمان دەداتێ شانازی نەکەین بەوەی سبەینێ چی دەکەین . چونکە کەس نازانێ سبەینێ چی ڕوو دەدات ! وە کەس نازانێ سبەینێ دەژی یان دەمرێ ، لەبەرئەوە باوەڕدار دەبێت پشت بە نیعمەتی خودا ببەستێت کاتێ نەخشەوپلانی بۆ ئاینده دادەڕیژێت هەروەها بۆ هەموو ڕۆژەکانی ساڵی نوێ ، وە باوەڕداران دەڵێن : " ئەگەر خواستی خودا بوو" دەژین و ئەوە دەکەین یان ئەوەی دیکەیان دەکەین !"

**(ج)** ٢ کۆرنسۆس ١٢: ٩ **بخوێنەوە** .

بە دڵنییایەوە هەر باوەڕدارێك ڕووبەڕوی سەختی و ناخۆشی دەبێتەوە لە ژیانیدا . بەڵام خودا خواستی هەیە لەو سەختی و ناڕەحەتیانەی تووشمان دەبێت ئەگەر سبەی بێت یان ساڵی داهاتوو. وە پۆڵس گرنگی بە وە دەدات کە پشت بە نیعمەتی خودا ببەسترێت کاتێ ڕووبەڕوی ناخۆشی و سەختیەکان دەبنەوە یان نەخۆشی و چەوسانەوە. لە ڕاستیدا خودا پۆڵسی لە سەختیەکان ڕزگار نەکرد ، بەڵکو پێی فەرموو: " نیعمەتی منت بەسە ، چونکە هێزی من لە لاوازی تەواو دەبێت !" لەبەرئەوە دەبێت پشت بە نیعمەتی خودا ببەستین لە دۆخی ڕووبەڕوبونەوەی ناڕەحەتی یان نەخۆشی یان چەوسانەوە لە ساڵی داهاتوودا . وە خودا ئەو بارودۆخە بەکار دەهێنێ تاکو زیاتر هاوشێوەت بکات بە گەورەمان مەسیح و زیاتر کاریگەر بیت .

**<u>٣- بەڵێنی سێ یەم لە جەژنی سەری ساڵی نوێی زایینی دا : " پشت بە سەرکەوتنی خودا دەبەستم لە ژیانمدا " .</u>**

**ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە** : کتێبی پیرۆز چی بەڵێنێك دەدات تایبەت بە سەرکەوتنی خودا ؟

**تێبینیەکان :**

یەکێك لە بەڵێنە گرنگەکان دەبێت هەر باوەڕدارێك بیدات پێش دەستپێکی ساڵی نوێ ئەویش پشت بەستنە بە سەرکەوتنی خودا لە ژیانیدا . کاتێ خەڵکی ڕۆژنامەیەك دەخوێننەوە یان گوێ لە هەواڵەکان دەگرن لە (ڕادیۆ) زۆر جار گوێبیستی هەواڵی خراپ و بێزارکەر دەبن . چونکە گەلان لەگەڵ یەکتر لە جەنگدان ، وە خەڵکی پڕوپاگەندە بلاو دەکەنەوە ، وە درۆ دەکەن ، دزی دەکەن ، دەستدرێژی دەکەن ، دەکوژن . وە گەندەڵیەکی زۆر هەیە لەنێو سەرکردەکان و بەرپرسان . وە پیاوانی پۆلیس و دادوەران بەرگری ناکەن لە هەژار و سەتملێکراوان ، بەڵکو لەڕیزی ئەوانەدان کە بەرتلیان پێداون. لەگەڵ هەموو ئەمانەدا ئەو کەسانەی کە کتێبی پیرۆز دەخوێننەوە گوێبیستی هەواڵی خۆش دەبن هەمیشە !

ڕۆما ٨: ٢٨- ٣٩ بخوێنەوە .

خودا هەواڵمان دەداتێ کە سەرکەوتنی کۆتایی بۆ گەلی خودایە نەك بۆ خەڵکی خراپەکار و گەندەڵەکان ! وشەکانی خودا دەفەرموێ: " ئەگەر خودا لەگەڵمان بێت کێ دژمانە؟... بەڵام لە هەموو ئەمانەدا سەرکەوتنی تەواومان هەیە بەوەی خۆشی ویستووین " . لەبەرئەوە ، هەرچەندە ئەوەی ڕوودەدات بۆ باوەڕدار لە ساڵی نوێدا، بەڵام پێشوەخت دەزانێ کە ئەو بەشداری دەکات لە سەرکەوتنی کۆتایی ئەوەی خودا دەیهێنێتە دی !

**(ب)** مەتا ١٣: ٤١ ؛ کردار ٣: ٢١ ؛ بینین ٢١: ٢٧ **بخوێنەوە** .

هەرچی ڕوودەدات لەم جیهانەدا هێشتا کۆتایی نییە. کۆتایی ڕاستەقینەی جیهان ئەوەیە کاتێ مەسیح دوبارە دێتەوە ، وە کاتێ مردوان هەڵدەستنەوە ، وە خراپەکاران حوکمی کۆتایی دەدرێن ، وە کاتێ خودا ئاسمانی نوێ و زەوی نوێ بەدی دەهێنێ ئەوەی نشینگەی تەنها ڕاستودروستانە !
لەبەرئەوە کاتێ ساڵی نوێ دەست پێدەکات ، پشت ببەستە بە ئەو سەرکەوتنە کۆتاییەی کە پشکداری تیایدا لە کۆتایی ژیانی سەر زەویت!